# باوا شاسوار
# هەوڵدانێک بۆ ناسینەوەی باوا گومناوەکەی کفری

**د. زرار صدیق تۆفیق**
ك. زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی دهۆک
Zrar.stawfiq@uod.ac

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/١٥ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**- پێشەکی:**

ئاشکرایە کە پیاوچاک باوا شاسوار لەمێژە بۆتە هێما و ناسنامەیەکی زیندووی کفری، بگرە پاڵنەرێکی سەرەکیی ئاوەدانکردنەوە و ئاوداربوونی گوندی دێرینی کفری، لەئامێزگرتنی جەستەی پاکی ئەو زاتە پیرۆزە بووە، کەچی تا ئێستا هەقی خۆی نەدراوەتێ و تۆژینەوەیەکی وردی ئەکادیمیی لەبارەی ناسنامە و سەرگوزشتەیی نەنوسراوە و وەک پێویست کنە و پشکنین لەبۆ گۆڕ و قسنەکانی گۆڕستانەکەی ئەنجام نەدراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە سەبارەت بە ناسینەوەی ئەم باوا گومناوە، هەرچەند بەڵگە و زانیاریی بەردەست کەم و ناتەواون و بەشی ئەوە ناکەن، بۆچوونی یەکلاکەرەوە و گومانبڕ دەهەق ژیاننامەی بخرێتە ڕوو.

١-کورتەیەک لەبارەی ناوی کفرییەوە:

کفری ئاوەدانییەکی کەوناری کوردستانە و کەلاوە و پاشماوەی ئاسکی کفری(کفریی کۆن) و کۆشکی زەنگی و شوێنەواری دەخمە و قەڵا و شورا و خانووەکانی، گەواهیی ئەوەن کە خاوەند سەربوردەیەکی دیرۆکیی درێژە و بۆتە مایەی سەرنج و تێرامانی گەڕۆکانی بیانی[1]، لەگەڵ ئەم ڕاستییەش ناو و دەنگوباسی بەم ناوەی ئەمڕۆی، لە ڕوداوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا نەهاتووە و تەنها ئەوەندە دەزانرێت کە ناوچەکە بە خاکی سەنجر دەنا سرا، دیارە هۆی یەکەمی ئەم گومناوییە ئەوەیە کە بە مەزندە تا سەدەی حەڤدەهەم زیاتر وەک گوندێکی ئاسایی و لاڕێ وابووە و نەبۆتە ناوەندێکی ئاوەدانیی گەورە، کەچی داقوق و خانیجار- خورماتو کە دەرهاوسێ و هاوسنوری کفرین، ناسراو بوون و لە سەرچاوەکاندا بڕێک زانیارییان دەرهەق هاتووە.

(١) ک. ج. ریچ، رحلة ریچ الی العراق، ص٣٤- ٣٨، ٣٨٨- ٣٨٩، جیبمس بیلي فریزر، رحلة فریزر الی بغداد، ص٦٠.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە کۆتاهی سەردەمی عەباسی و لە سەروبەندی شاڵاوەکانی مەنگۆل (ناوەڕاستی سەدەی ٧ک/١٣ز)، ولایەتی کوردستان دامەزرا کە شازدە شار و شارۆچکەی دەگرتەوە و یەکێکیان (دەربەندی زەنگی) بوو[٢]، پێم وایە ئەم دەربەندە لە شارەزور بووە و ڕەنگە هەر ئەم دەربەندەی سەرووی کفری بێت و بەڵگە شم ئەوەیە کە ئاماژە بە کۆ شکی زەنگی کراوە کە شوێنێک بوو دەکەوتە نێوان کفری و دوازدە ئیمامەوە و ساڵی ١١٧٦ک/١٧٦٣ز بووە مەیدانی شەڕ و لێکدانی نێوان سلێمان پاشای بابان(م: ١١٧٨ک/١٧٦٤ز) و وەزیری بەغدا عەلی پاشا[٣]. ک. جیمس ریچ (١٧٨٧- ١٨٢١) دەڵێت وا پێ دەچێت ئەم کۆشکە بگەڕێتەوە بۆ ئەتابەگەکان[٤].

منیش هاوڕای ریچم و بەدوری نازانم ئەم دەربەند زەنگییە هەر ئەوەبێت کە لەو هەواڵەی سەرەوە بە(مضيق كفري) ناو براوە و دیارە کاتی خۆی بە ناوی ئەتابەگ عیمادەدین زەنگیی سێهەمەوە ناو نراوە کە زاوای میری هەولێر (مظفر الدين گۆکبوری: م ٦٣٠ک/١٢٣٣ز) بوو و حەوت هەشت ساڵێک و تا مردنی (٦٢٢- ٦٣٠ك/١٢٢٥- ١٢٣٢ز) فەرمانڕەوای شارەزور بوو و بە (صاحب شهرزور) دەناسرا و دەشێت ناونانی زەنگیئاباد- زەنگابادیش پەیوەست بێت بەوەوە و پێدەچێت ئەم شوێنەی کردبێت بە بارەگای حوکمڕانیی خۆی و کۆشکێکی تێدا بنیاد نابێت، بۆیە دەربەندەکە و کۆشکەکە بە ناوی خۆیەوە ناوزەد کراون. هەرچۆنیک بێت دەکرێت بێژین ناودەرکردنەوەی کفری زیاتر لە سۆنگەی ئەوەوە بوو کە کەوتە ژێر دەستی میرانی بابان و ناوهێنانیشی لە هەواڵەکاندا، بەندە بە سەرکێشی و جموجۆڵی ئەوانەوە[٥].

ئەم باژێڕە لە تۆمار و بەڵگە فەرمییەکانی عوسمانی بە کفری و سەلاحیە (الصلاحية) ناونووس دەکرا و لای خەڵکی هەر بە کفری ناو دەبرا[٦] کە یەکلا نەبۆتەوە چ واتایەک دەبەخشێت و لە چ وشەیەکەوە وەرگیراوە و لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە، وەلێ هیچیان تەواو پەسند نین و لە چوارچێوەی بۆچوون و گریمانە دەمێننەوە، دەڵێن لە وشەی کفر کە جۆرێکە لە قیر و ڕەژووی بەردین، یان لە وشەی کیرۆی بابلی و ئاشوریەوە هاتووە یان لە ناوی دەوەنی کفرەوە وەرگیراوە کە بەچڕی لە ناوچەکە هەبووە[٧]. نەک هەندە بگرە کەسانی ناشارەزا لەخۆیانەوە ناوەکە گرێ دەدەن بە وشەی(کفر) عەرەبیەوە یان وا دەزانن کە (کفر) ناوی عەرەبیی دەوەنی دار گەزە و ئاگایان لەوە نیە کە کفر ناوی دەوەنێکە بە کوردی و جیایە لە گەز.

جێی خۆیەتی بێژین کە ناکریت چ ناوێکی تۆپۆنۆمی هەیە بخرێتە ژێر نەشتەری ئیتمۆلۆجییەوە و بەخورتی واتای بۆ بدۆزرێتەوە و گوایا هەر دەبێت بزانرێت لە چ وشەیەکەوە داڕێژراوە، گشتمان دەزانین دەهان شوێنی

---

[٢] مستوفى قزوينى، نزهة القلوب، ص١٦٢- ١٦٤.

(٣) الشيخ رسول الكركوكلي، دوحة الوزراء، ص١٣٦، عباس العزاوي، تأريخ العراق بين إحتلالين، ٤٤/٦.

(٤) ک. ج. ریچ، رحلة ريچ الى العراق، ص٣٨٨. مەبەستی ئەتابەگە تورکەکانی بنەماڵەی زەنگییە.

(٥) دوحة الوزراء، ص١٣٦، تأريخ العراق بين إحتلالين، ٣٣/٦، ٤٤.

(٦) مؤلف نا شناخته، منزل نامه سلطان مراد چهارم به بغداد، ص٣٦٧، أبي طالب خان، رحلة أبي طالب خان، ص٢٥٥، الشيخ رسول الكركوكلي، دوحة الوزراء، ص١٣٦، رحلة ريچ، ص٣٤- ٣٨، رحلة فريزر الى بغداد، ص٥٠، ٦٠.

(٧) جمال بابان، أصول اسماء المدن العراقية، ص٢٩٥- ٢٩٧.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

جۆربەجۆر لە کوردســـتان هەن لە گوند، بازێڕ، گرد، کێو، روبار...هتد، ناویان نامۆ و ســـەرنجراکێشـــە و چ واتایەک بەدەســـتەوە نادەن، نە لە زمانی کوردی و نە لە زمانی گەلانی دەرهاوســـێ، من وای دەبینم راســـترین گریمانە بۆ ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە ئەو تەرزە ناوە تۆپۆنۆمیانە دەگەڕینەوە بۆ گەلانێک کە لە رۆژگارێکی کۆندا لە کوردستان ژیاون و بە وشـــەیەکی واتاداری زمانی خۆیان ناویان لەو شـــوێنانە ناوە، دواتر ئەم ناوە بەرەبەرە جێگای خۆی گرتوە و بەیەکجاری چەسپیوە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین کە رەنگە کفری لە (کەفەر)ەوە هاتبێت کە بە ئارامی واتا گوند، بازێڕ، ئاوەدانی و لە وڵاتی شام و جەزیرە نزیکەی سی شوێن هەبوون کە ناویان بە پێشگری (کەفەر) دەست پێدەکات و لە کوردستانیش کەفەر زممار و کەفەر توثا و کەفەر عەزە هەبوون[٨].

واتای کفری چی بێت و لە چ زمانێکەوە وەرگیرابێت، گرنگ ئەوەیە ئاســـکی کفری- کۆنەکفری لە کۆنەوە ئاوەدان بووە و هەزار و چوار سـەت سـاڵ لەمەوبەر بە هەمان ناو دەناسـرا و قەدیس مار گورگیس(سـەدەی حەوتەمی زایینی) خەڵکی " کەفرا بووە لە روســـتاق- دێهســـتانی بێث کوایا(؟) لە هەرێمی بێث گرمای"[٩]، بێث گەرمای و باگەرمای وشەیەکی لێکدراوی سریانی- ئێرانییە بە واتای وڵاتی گەرم- گەرمیان و لە عەرەبیدا بووە بە باجرما و باجرمق[١٠].

٢- گەرمیان مەکۆی گردبوونەوە و چالاکیی پیاوچاکان:

لە ســـەدەکانی ٥- ٦ک/١١-١٢ز دا، بزاڤێکی صـــۆفیگەری و تۆبەکاریی بەربڵاو لە وڵاتی گەرمیان واتا ناوچەکانی خانەقین، خورماتو، دەربەندیخان، ســـەنگاو، چەمچەماڵ، کفری و جەلەولا، ســـەری هەڵدا و کۆمەڵێک پیاوچاک و ئەولیائی کورد و غەیرەکورد پەیدا بوون و دیهات و گوندەوارەکانی ئەم وڵاتەیان کردە مەیدانی رایەڵە و چالاکیی خۆیان و کەوتنە جولە و برەویان بە هزر و بەرنامەی رەوتێکی خاکەڕایی و خوداناســـیی خۆماڵی دا، ئەمانە هەندە پایەدار و لێهاتوو و پایەبەرز بوون و هەندە کاریگەرییان لە چڤاکی گوندنشین و کۆچەریی ئەم دەڤەرانە کرد و شکۆ و خۆشـەویســتیی خۆیان ســەپاند، ئەمانە هەرچەند لە مێژووی نوسـراودا تەواو نادیار و پشـتگوێخراون و کراونەتە دەرەوەی ئەو مێژووەوە، بەڵام یادگاریی مادیی بڕێکیان تا ئێســـتاش لەیاد نەکراوە و ئەو جێگایەی ماوەیەک لێی ماونەتەوە یان لێی نێژراون هەر بە ناوی خۆیانەوە ناو نراون لە وێنەی: ئیبراهیم سەمینی لەک- قەرەتەپە، پیرمەنصور- سـلێمانی، پیر یادی یان پیرحەیاتی- چەمچەماڵ، ماجدی کورد- کفری، شـێخ باوەلین- شـێخ باوە، شـێخ لەنگەر، شـێخ تەویل (الشیخ الطویل)، ئەلیا سی کورد یان باوە ئەلیاس- نزیک هە شەزینی، مەتەری بادرائی لە کوردەکانی بەدرە[١١]... هتد، ئەمانە بڕیکیان لە خەلیفە و شـوێنکەوتووانی (تاج العارفین) ئەبولوەفای حلوانی(م: ٥٠١ک /١١٠٧ز) بوون کە لەنێو

(٨) یاقوت الحموي، معجم البلدان، ١٤٣/٤- ١٤٥.

(٩) توما المرجي، کتاب الرؤساء، ص٧٦. جان فییه، آشور المسیحیة، ١٨٧/٣.

(١٠) بگەڕێرەوە بۆ کتێبەکەم: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامی، ل٤٢.

(١١) الشطنوفي، بهجة الأسرار، ص٣١٢.

کورددا بە پیر شـــەهریار یان پیرشـــالیار ناودارە[١٢]، بڕێکی دییشـــیان موریدی دڵبەندی شـــێخی گەیلانی بوون، دواتر گشـــتیان بوون بە درێژەپێدەر و پەخشـــكەری ڕێبازی صـــۆفیگەری (هاواری- شـــەنبەکی- وەفائی حلوانی). پێدەچێت گونديی دوانزدە ئیمامی خواروی کفری کە ناوەکەی کراوە بە تورکیی عوســـمانی (أون ایکی إمام)[١٣]، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە گردبونەوە و کۆڕبەستنی ئەمانەوە هەبێت.

ئەوەش هیچ بەدور نازانم، کە ئەو ڕیباتەی کە لە چۆلەوانییەکی باشـــوری خۆر ئاوای جەلەولا ئاوا کرابوو و بە قزلربات( قزل رباط) دەناسرا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم صـۆفی و ئەولیائانەوە هەبێت و دیارە مەزن و فراوان بووە و کراوەتە بارەگای سەرەکییان و مەکۆی گردبوونەوەیان، ئەوەی بۆ ئێمە ئا شکرایە ئەم ریباتە لە سەدەی ٦ک/١٢ز ئاوەدان بووە و بە ریباتی جەلەولا ناسراوە و ساڵی ٥٤٥ک/١١٥٠ز شاعیرێک لەقەد دیواری ژێرزەمینەکەی ئەم سێ دێرە شیعرەی بۆ یادگاری یاداشت کردوە:

دعِ الدهر يجري بأقدارِهِ وتمضي عجائبُ أوطارِهِ

ونَم نومةً لولاةِ الأمور وثق بالزمان وتَدوارِهِ

فإنك ترحَمُ من قد ظَلمكَ وتعجب من قُبح أفعالِهِ[١٤].

بەپێی بۆچونێک کە بە سەرچاوە پشتڕاست نەکراوە، ئەم ریباتە لە سەردەمی سوڵتان مەلیکشاهی سەلجوقی(٤٦٥-٤٨٥ک/١٠٧٣-١٠٩٢) بنیاتنراوە[١٥]. بەڵام دەزانین لە ســەدەی ٨ک/١٤١ز بەدواوە و بە ئەگەری هەژموونی لەشـکریی تورکی و مەنگۆلی و بڵاوبوونەوەی خێڵ و تیرە تورک و تورکمانەکانەوە لە ناوچەکەدا، بە (قزل رباط) ناوزەد کرا واتا ریبات یان خانەقای گەورە، لە وەقفنامەی قوتابخانەی مەرجانییە لە بەغدا کە ســاڵی ٧٦٠ک/١٣٥٩ز نوســراوە، ئەم خانەقایە لە سنوری جەلاولا بووە و هەر بە خانەقا- ریباتی جەلەولا ناسراوە، بەڵام بە قزل ریبات ناودار بووە "رباط جلولا المعروف بقزلرباط" و لەو زەوی و عەقاراتە بووە کە لە سەر قوتابخانەکە وەقف کراوە[١٦]. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین یەکێک لەمانە بناسینەوە و ئەویش باوا شاسوارە.

لەپاڵ ئەمانە، کۆمەڵێک وەلی و باوا و پیری دیمان هەن کە پێم وایە درەنگتر دەرکەوتوون و هەر یەکەیان دێیەکی بەناوەوەیە و ئەمەش تاکە یادگارییەتی و تاکە بەڵگەیە لەمەڕ هەبوونی، دەنا چ زانیارییەکیان لەبارەوە نەهاتووە و نازانین چ کارە بوونە و لە چ ســـەردەمێک ژیاون، لەوانە: باوەنور، باوەکڕ، پیرەفەقیرە، پیرمۆنی، ســـەیدجەژنی، وەلی هەیەر- حەیدەر، خدروەلی، عومەرصۆفی.

---

(١٢) بەخۆی پیر شەهریار- شاریارە و کوردی هەورامان و شارەزور کردویانە بە پیرشالیار.

(١٣) رحلة ريچ الى العراق، ص٣٨٩، ٣٩٨.

(١٤) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٢٨٣/٥.

(١٥) مطراقي زادە، رحلة مطراقي زادە، ص٢٧.

(١٦) عباس العزاوي، تأريخ العراق بين إحتلالين، ١١٥/٢.

٣- بابا شاسوار- باوا شاسوار:

باوا شاسوار وەلییەکی گومناو و نەناسراوە و جگە لە ناوی چی دیکەی لەبارەیەوە نازانرێت و هەندەی من بزانم، شاعیرانی کلاسیکیی کوردیش ناویان نەهێناوە و هاواریان بۆ نەبردووە[١٧]، تاکە بەڵگەی هەبوونی لە مێژوودا، گڵکۆ بێنازەکەیەتی لە دامێنی ئەو شاخەی کە هەر بە ناوی ئەوەوە ناوزەد کراوە و لە باکورەوە دەڕوانێت بەسەر باژێڕی کفریدا و بۆتە هێما و ناسنامەیی، دواتر لەبەر پیرۆزیی شوێنەکە خەڵکی مردووی خۆیان لەوێ ناشتووە و ئێستاش بۆتە گۆڕستانێکی گەورە[١٨].

ئەم تاکە بەڵگەیە بەسە بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە بڵێین کە کەسێکی ئاسایی نەبووە و باباێکی خاوەند شکۆ و پلەوپایەی ڕوحی بووە و کاریگەریی بەجێ هێشتووە لە دڵ و دەروونی دێهاتییەکانی گەرمیاندا، ئەوەش ئاشکرایە کە هەبوونی ئەم مەزارگا پیرۆزە هۆکارێکی سەرەکیی ئاوەدانکردنەوە و فراوانبوونی ئاوایی کفری بووە[١٩].

دەبێت ئەم پیاوچاکە پایەبڵندە کێ بێت کە لە لایەن کرمانجی ناوچەکەوە ڕێزدار و خۆشتڤی بووە و ناسناوی باوا-بابای لێنراوە و بە باوا شاسوار گاز کراوە، من خۆم نەمزانیوە کەس سۆراخێکی جدیی ئەم باوایەی کردبێت، مستەفا نەریمان (١٩٢١- ١٩٩٤) کە دیارترین نوسەری خەمخۆری مێژوو و کەلەپوری کفرییە، شتێکی وای لەمەڕ ناسنامەی باوا شاسوار چنگ نەکەوتووە، دەنا لە بیرەوەرییەکانی یان لە کتێبەکانی دیکەی دەینوسییەوە، ئەوەندە هەیە خەڵکی ناوچەکە وا تێگەهێنراون کە باوا پایەدارەکەیان پیرێکی یارسان- کاکەیی بووە[٢٠].

بێگومان ئەم بۆچوونە سوواوە، هیچ بنەمایەکی نییە و لەخۆڕا گوتراوە و تەنها بە پاساوی ئەوەی کە گوایە ناسناوی بابا و پیر تایبەتن بە ئایینی یارسان- کاکەیی و تەنانەت هەر پیاوچاکێك یەك لەم دوو ناسناوە هەڵبگرێت، یەکسەر و بێ سێودوو بە یارسان دایدەنێن و یەزیدیەکانیش لای خۆیانەوە سەرجەم پیرەکانی دەڤەری بەهدینان بە هی خۆیانی دەزانن.

باوەڕ ناکەم کەڵەصۆفی و ڕێبەرێکی ڕوحیی ئاوەها کە تا هەنوکە شوێنەواری هەر مابێت و پلەوپایەی لەیاد نەکرابێت، یادگاریی لە سەرچاوە مێژووییەکان بە یەکجاری پشتگوێ خرابێت، وەك چۆن بڕواش ناکرێت پیاوچاکێکی ناسراو و ناوداری گەرمیانیی وەك ماجدی کورد (ماجد الكردي) هیچ شوێنەوارێك و کاریگەرییەکی لێ بەجێ نەمابێت لەناو هاوشاریانی، بەڵام گرفت و ئاستەنگ لەوەدایە، کە باوا شاسواری لەمەڕ کفری، هاوشێوەی بابا گوڕگوڕ و پیر شەهریار- شالیار و باوەنور و پیرەفەقیرە... هتد، بە ناوی راستەقینەی خۆیان نەناسران، واتا بەو ناوانەی وا لە

(١٧) مەلا عومەری ڕەنجوری (م: ١٢٢٦ك/١٨١١ز)، ناوی ژمارەیەک پیر و وەلیی هێناوە و لە گڵکۆ و مەزارەکانیان پاڕاوەتەوە. دیوانی ڕەنجووری، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی آفاق عربية (بەغدا: ١٩٨٤)، ل٦١، ٧٩، ٢٠٧- ٢٠٩.

(١٨) ڕۆژی چوارەمی نەوڕۆز: ٢٤- ٣- ٢٠١٧ لەگەڵ ژمارەیەك هاوڕێ کە پێشتر خوێندکارم بوون سەردانیمان کرد.

(١٩) لە کتێبی (لەبارەی مێژوو و کولتوری کوردییەوە، دەزگای جەمال عیرفان (سلێمانی: ٢٠٢١)، ل٢٢٦- ٢٣١)، گوتارێکم لەبارەی باوا شاسوارەوە بڵاو کردۆتەوە کە زانیاریی نوێ دەگرێتە خۆ و لێرە دام ڕشتەوە و دەستکاریم کرد و لەسەر داوای د. زریان سالار حاجی، پێم خۆشبوو بەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆنفڕاسی زانستیی کفری بەشدار ببم.

(٢٠) بڕوانە: سهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٨٥، چاپخانەی یاد (سلێمانی: ٢٠١٣)، ل٢٠.

سەرچاوەكاندا تۆمار كراون، بەڵكو وەک روونە لەبەر پیرۆزی و شكۆ و مەقامیان، بە پیر، بابا، شێخ، صۆفی، وەلی فڵان ناو دەبران، واتا بەو ناسناوانەوە دەناسران كە خەڵكانی لایەنگر و شوێنكەوتووانیان بۆی دادەنان.

٤- ماجدی كورد (ماجد الكُردي):

وەك باســكرا، ناوچەكانی گەرمیان، لە ســەدەی ٦ك/١٢ز دا، بووە مەكۆی گردبوونەوە و گۆڕەپانی چالاكیی كۆمەڵە وەلی و صۆفییەكی كورد و غەیرە كورد. لەناو ئەمانەدا، یەكێكیان لەوە دەچێت هەر خودی باوا شا سوار بێت، ئەویش ماجدی كوردە، بگرە زۆر نزیكە باوا شاسواری نێو كوردەواری هەمان ماجدی كوردی نێو سەرچاوەكان بێت كە چ زێد و چ مەڵبەندی بزاڤ و چالاكیی صۆفیانەی هەردووكیان هەر ناوچەی كفرییە و هەر لەوێش مردوون و نێژراون.

ماجدی كورد، صۆفییەكی هەرە دیارە و لە دەستەی یەكەم و ڕیزی پێشەوەی موریدان و شاگردانی (تاج العارفین) ئەبولوەفای حلوانی- پیر شــەهریاری هەورامان- و دواتریش شــێخ عەبدولقادری گەیلانی(م: ٥٦١ک/١١٦٦ز)بوو، لەو كتێبانەی كە دەربارەی ژیاننامەی ئەم دوو پێشــەوایە دانراون(٢١)، ناســێنراوە و برێك زانیاریی دەربارەی نوســراوە و دەردەكەوێت، كە كارەكتەرێكی پڕبزاف و بە جموجۆڵ بووە و شان بە شانی پیریادی و ئیبراهیم سەمین و شێخ تەویل و شێخ باوە...هتد، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بڵاوكردنەوەی بنەما سادەكانی دینداری و خوداناسیی میللی لە دێهات و ئاواییەكانی گەرمیان.

هەرچەند ئەم زانیارییانە دوپاتكردنەوەی یەكدین و زیاتر بە نەریتی هەموو ئەو تەرزە سـەرچاوانە، جەخت لەسـەر كەشف و كەرامات و موعجیزاتی كراوە یان وەك شایەتحاڵ و ڕاوییەكی مەناقبی پیر شەهریار و شێخی گەیلانی ناوی براوە و ڤەكۆڵەر ئەسـتەمە بشـێت زانیاریی مێژووییان لێ بەدەسـت بهێنێت، وەلێ (شـهاب الدین الواسـطي: م پاش ٧٧٧ک/١٣٧٥ز) لە كتێبەكەیـدا (تـذكرة المقتفین)، چەردەیەك زانیـاریی گرنگی بەدەســتەوە داوە و تەرجومەیەكی بۆ تەرخان كردووە و بە شــێخی پێشــەنگ ناوی دەبات و بە زیادەڕۆییەوە ســتایشــی دەكات. بەدەر لەوەی هەندێک لە زانیـاری و هەواڵەكـانی نـاواقیعین و جۆرە تێكەڵییەک لەخۆ دەگرن و لەگەڵ ڕەوتی رووداوەكـان یەک نـاگرنەوە(٢٢).

---

(٢١) وەك كتێبەكانی: الشـطنوفي: بهجة الأسـرار ومعدن الأنوار، اليافعي، خلاصـة المفاخر في مناقب الشـيخ عبدالقادر، التادفي الحنبلي: قلائد الجواهر في مناقب الشيخ عبدالقادر، الشعراني، الطبقات الكبرى... هتد.

(٢٢) " كان من أعيان مشـــايخ العراق، وأكابر العارفين، وصـــدور المُقربين، وأئمة المحققين، صـــاحب الكرامات الظاهرة، والأحوال الفاخرة، والمقامات الجليّة، والمراتب السـنية، والمواهب الجسـيمة، وله الحقائق والمعارف، والدقايق واللطايف، وله التقدم في مراتب القُرب، والتصـدير في منازل الحضـرة، والرِّي من مناهل الوصـل، والسَّـبق إلى حِلية المعاني، والأخذ بأزمة أحوال النهاية، والإبداء بمُبهجات أسـرار الولاية، ونَيل درجات العُلى من التمكين الموطه(؟) والصعود على مراقي التصريف الخارق، والسمو في مدارج المعالم القدسية، والمعاني النورانية. وهو أحد أركان هذه الطريقة، وأوتاد هذه الطائفة في وقته، علماً وعملاً، وحالاً وقالاً، ورفعة ورياسـة. وهو أحد من أظهره الله تعالى إلى الوجود، وصـرَّفه في الكون، وأظهر على يده العجائب، وأطلعه على الأسـرار، وقلَبَ له الأعيان، وخَرَق له العادات، ونطّقه بالحكم، وأراه شـواهد الغيب ومعاني الأقدار، وآيات الملكوت، مع قدمٍ راسـخٍ في العباد، وتأدُبٍ في المجاهدة، وتجوال في المشـاهدة. وقد وضـع الله تعالى له القبول العظيم في القلوب، والهيبة العامة في النفوس، ونصـبه قدوة لسـالكي هذه الطريق وطلابها، وانتهى إليه هذا الشـأن". تذكرة المقتفين، ص٣٤١، هەمان پێداهەڵدان لە كتێبی: بهجة الأسرار، ص٣١٣، تۆمار كراوە

ئەم زانیارییانە بە چاوپۆشین لە کەموکوڕییەکانی، تەواو هاریکارن بۆ تیشکخستنە سەر ژیان و سەرگوزشتەی ماجدی کورد و ناسینەوەی جێوار و نیشتمانی. لە هەواڵێکی دیدا ناوی صۆفی ماجدی جەروانی براوە کە لە سەدەی ٦ک/١٢ز ژیاوە و ماوەیەک لە هەولێر هاونشینی پیاوچاک وەردانشاهی شاهنجانی بووە و دڵنیا نین لەوەی هەر ماجدی کورد بێت[٢٣].

هەواڵەکان ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە ماجدی کورد خەڵکی گوندێکی نێوان ناوچەی سەناجیرە و خانیجار- خورماتو بووە و بەخۆی دەڵێت گەڕامەوە لای ماڵ و مناڵەکانم لە خانجار و ماوەیەک لەکنیان مامەوە[٢٤]، جارێکی دی گێڕاویەتیەوە کە خەڵکی خاکی سنجەر- سەنجەرە(أرض سنجر) و ماڵ و خێزانی هەر لەوێ بووە و کوڕێکیشی هەبووە بە ناوی سلێمان، کە پاش خۆی بۆتە جێگرەوەی، ئەم خاکی سنجەرە هێندە نزیکی زنجیرە چیای ناوداری حەمرین بووە تا وا دانراوە کە ماجدی کورد تا مردنی دانیشتووی چیایەکە بووە[٢٥].

ئاشکرایە ئێستا سنجەر یان سەناجرە گوندێکە بە چەند کیلۆمەترێك دەکەوێتە خوارووی کفرییەوە و لەو دەمانە خاکی سنجەر کفریشی گرتۆتەوە. هەروەها زنجیرە کێوی حەمرین، بەهۆی ناسراوییەوە، بووبووە ناوی گشتیی سەرجەم ئەو چیا و شاخانەی کەوا لێی دەبوونەوە، ئەوەتا ابو الفداء (م: ٧٣٢ک/١٣٣٢ز) دەڵێت باخ و بێستانەکانی داقوق بە کانیاوەکانی حەمرین ئاو دەدرێن[٢٦].

ئەم کوردە سەرکێشە لە تافی لاویدا و پێش ئاڵودەبوونی بە جیهانی پڕ هیما و رازی صۆفیگەری، بواری سەربازیی هەڵبژارد و بووە جەنگاوەر لە سوپای شاهی عەرەب ( سيف الدولة صدقة بن منصور الأسدي: ٤٧٩- ٥٠١ك/١٠٨٦- ١١٠٧ز) خاوەندی شاری حیللە و لە شەڕێکی سەختدا ساڵی ٥٠١ک/١١٠٧ز لە بەرانبەر سوپای محەمەدی سەلچوقی، زامدار بووە و بەخۆی گێڕاویەتیەوە کە چ دەردەسەری و مەینەتی و مەترسیی بەسەر هاتووە و چۆن خۆی گوتەنی بە شفاعەت و کەراماتی پیر شەهریار، لە چنگی سوپای سەلچوقی قوتاری بووە[٢٧]. هاوکات وەک ئەمەکدارییەک خۆی بۆ خزمەتی پیر تەرخان کرد و شاگردێکی دڵسۆز و گوێڕایەڵی لێ دەرچوو[٢٨]، چ لە کۆڕ و حەلقەی زکر و چ لە گەشت و گەڕانی پیری ڕێبەری، هەردەم یاوەر و هاوڕێی بووە و بەشێك لە کەرامات و موعجیزەکانی گێڕاوەتەوە و کەراماتیشی هەر

(٢٣) ابن المستوفي، تأريخ أربل، ٢/٢٦٣- ٢٦٤.

(٢٤) تذكرة المقتفين، ص١٤٤.

(٢٥) بهجة الأسرار، ص٣١٦، تذكرة المقتفين، ص٣٤٨.

(٢٦) تقويم البلدان، ص٢٨٧.

(٢٧) تذكرة المقتفين، ص٣٤٦- ٣٤٨.

(٢٨) بهجة الأسرار، ص٣١٤.

لەوەوە بۆ ماوەتەوە(٢٩). ئیبراهیم سـەمینی لەکیش کە گۆڕ و مەزارەکەی لە نزیک قەرەتەپەیە، بە هەرزەکاری و لەسـەر دەستی ماجدی کوردی هاونیشتمانیەوە پەیوەندیی بە پیر شەهریارەوە کرد و بە ڕێنوێنیی ئەو چووە خزمەتی(٣٠).

بە گوێرەی حەکایەتێکی صـوّفییانە کە ئەوە ناهێنێت لێی بدوێن، لەسـەر خواسـت و پاڕانەوەی ماجدی کورد، پیر شـەهریار بەدەنگ خەڵکی ناوچەی کفری و سـنجەرەوە هات و سـەری لێ دان و لە بەرەکەتی خۆی نائومێدی نەکردن و لە دەسـت ئەو کەمتیارە دڕندە و شـەڕانگێزە ڕزگاری کردن کە ناوبەناو لە کێوەکەوە دەردەکەوت و پەلاماری دەدان و هەراسـانی دەکردن، کاتێکیش پیر شـەهریار مرد، پەسـتی و خەمگینی دایگرت و ماوەیەك سـەری خۆی هەڵگرت و سەرگەردان بوو(٣١).

پاشان بەپێی وەسیەتی خودی پیر شەهریار، شتومەکە پیرۆز و کەلوپەلە بەخێروبێرەکانی بەسەر موريد و لایەنگرە هەرە نزیك و دڵسـۆزەکانی دابەش کران و ماجدی کورد (رکوة) واتا کوندە- هەمبانەیەکی بچووکی بەرکەوت کە هێندە لای گرانبەهـا و بەنرخ بوو بۆ سـاتێکیش لێی دانەدەبڕا و دەمێـک دەخەوت بۆ دڵنەوایی لەبـان سـینگی خۆی ڕایدەکشاند(٣٢).

بەگوێرەی حەکەیاتێکی ئەفسـانەئاسـای دی، خواردن و خواردنەوەی نێو ئەم کوندە سـیحراوییە لەبن نەدەهات و ماجدی کورد هەر سـاتێك برسـیی ببوایە و ئارەزووی خواردنی بکردایە، بۆ خۆی و میوانەکانی سـوەیقی(٣٣) لێ دەردەهێنا و هەر کاتێکیش تێنووی ببوایە یان دەسـتنوێژی بشـوشـتایە هەر ئاوی ئەم کوندەیەی بەکار دەهێنا(٣٤). تەنانەت جارێکیان ئەم کوندەیەی دا بە کابرایەك لە شـوێنکەوتووانی تا بیکاتە تێشـووی ڕێگای سـەخت و هاتونەهاتی گەشتی حەج، ئەویش بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە چیای حەمرینەوە چووە مەکە و حەجی کرد و گەڕایەوە، هەر ماست و شـیری شـرینی ئەم کوندەیەی دەنۆشـی و ئاوی سـازگاری لێ دەخواردەوە و دەسـتنوێژی پێ هەڵدەگرت(٣٥)، لەم بارەیەوە شاعیرێک دەڵێت:

أعار ركوَته شخصاً يلم به يبغي الحجاز له عزمٌ على السفر

أغنت عن الزاد من حمرين ثم الى أقصى المشاعر في ورد وفي صدر

يلقى بها الماء إن أودى به عطشٌ أو إن أراد وضوءاً فاستمع خَبَري

(٢٩) تذكرة المقتفين، ص٥٢، ٧٦، ٨٩- ٩٠، ١٥٥.

(٣٠) تذكرة المقتفين، ص٣٧٥.

(٣١) تذكرة المقتفين، ص٨٨- ٩٠، ٣٤٩- ٣٥٠.

(٣٢) تذكرة المقتفين، ص٥٧، ٣٥٠.

(٣٣) السويق: وردە ئاردی هاڕاوی تێکەڵەی گەنم و جۆ.

(٣٤) بهجة الأسرار، ص٣١٤، تذكرة المقتفين، ص٦٠، ٣٤٤.

(٣٥) تذكرة المقتفين، ص٣٤٤، الحنبلي، قلائد الجواهر، ص١٠٧.

هەروەها (ابن باديس: م ٧٨٧ك/١٣٨٥ز) لە قەصیدەیەكدا كە لە پێداهەڵدان و ستایيشی شێخی گەیلانی و هەڤاڵ و موریدانی داینـاوە، سەبارەت بە ماجدی كورد و كوندەكەی دەڵێت:

ماجد الكردي وجاكير أصبحا من　　السكر من خمر المحبة فی جفس

من الغيب أسدى الضيوف طعامهم　　أنافوا على ستين نصفا من السدس

وركوته أعطى المريد لحجه　　فأغنته عن شرب وأغنت عن اللحس.

ئەم كەڵە صـۆفییە كوردە، بە گوتەی (الواسـطي) سـەد و بیسـت سـاڵ ژیاوە، بیسـت سـاڵی لە ریزی سـوپای (سـيف الدولة) و بیست ساڵی دواتر لە خزمەتی پیر شەهریار و بیست ساڵی كۆتاهی لە بانگخوازی و رێبدێهی خەڵكی بەسەر بردوە[٣٦]، ئەمە وێڕای گێڕانەوەی چەند موعجیزات و كردەوەی نالۆژیكیی دی كە بێگومان دواتر لەلایەن موردید و هەوادارانیەوە بۆی هەڵبەستراون[٣٧]. راسـتت دەوەێت دەروێش و موریدانی سـەرچەم رێبازە صـۆفیگەرییەكان، هەتا سەر رۆ دەچوون و ئەوەندە شەیدا و خولیای پیری رێبەریان دەبوون بەرادەیەک هۆش و هزری خۆیان لەدەست دەدا و ئەوەی لە خەون دەیاندیت یان بە وڕێنە و خەیاڵ بەرچاویان دەكەوت دەربارەی موعجیزە و پەرجووكانی، بە راست و حەقیقەت لەقەڵەمیان دەدا.

دیارە ناكریت گوێ بەم چەشــنە ئەفســانانە بدەین و كتومت وەک خۆی وەری بگرین، ئەوەندە هەیە ماجدی كورد پاش ئاوابوونی رۆژگاری پیر شــەهریاری شــێخ و رێبەری ســاڵی ٥٠١ک/١١٠٧ز، گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و لە چیایەكە (الجبـل) كە مەبەســتی چیـای حەمرێنە، درێژەی داوە بە ئـامۆژگـاری و رێنوێنیی خەڵكی رەشــۆكیی نـاوچەكە و پەروەردەكردنی لایەنگران و شاگردانی و دەرچوواندنی موریدانی گوێڕایەڵ، سەرئەنجام پاش بەسەربردنی تەمەنێكی درێژ ســاڵی ٥٦١ك/١١٦٥ز یان ٥٦٤ک/١١٦٨ز مرد و لە دامێنی كێوی حەمرین نێژرا[٣٨] كە پێم وایە هەر مەبەســت ئەو شـاخەیە كە جەسـتەی پاكی لەئامێز دەگرێت و پاشـان شـاخەكەش هەر بە ناوی خۆیەوە ناو نرا و تا ئێسـتاش هەروا ماوەتەوە، هەرچەند ئەو شاخ و زورگە بەرزەی پشت كفری كە ماجدی كوردی لێنێژراوە، بە شێكی زنجیرەی سەرەكیی حەمرین نییە، بەڵكو لێوەیی نزیكە و لێی جیابۆتەوە و حەمرینیش چیایەكی هەتا بڵێی گەورە و درێژ و پانوپۆڕە و لای هەمووان ناســراو بوو، بۆیە شــاخەكە هەر بە حەمرین زانراوە وەک چۆن ئەو دەشــتاییەی كە ئیبراهیم ســەمینی لێ نێژراوە و لە نزیک قەرەتەپەی خوارووی كفریە، هەر بە چیای حەمرین دانراوە[٣٩]. دواتر و بە بورینی ســاڵ و رۆژگار، گۆڕەكەی پیرۆزیی پێ بەخشــرا و گومەتی لەســەر ئاوا كرا و بوو بە گڵكۆ و قســنێكی پیرۆز و دێهاتیەكانی ناوچەكە

(٣٦) تذكرة المقتفين، ص٣٥٠.

(٣٧) بهجة الأسرار، ص٣١٦، تذكرة المقتفين، ص٣٤١- ٣٥٠.

(٣٨) بهجة الأسرار، ص٣١٣- ٣١٦.

(٣٩) تذكرة المقتفين، ص٣٧٧.

ســەردانیان دەکرد و مردووی خۆیان لە دەوری دەناشــت تا بووە گۆڕســتان و (الشــطنوفي: م٧١٣ك/١٣١٣ز) دەڵێت گۆڕەکەی زیارەت دەکرێت[٤٠].

ماوەتەوە بڵێین ڕەنگە لەبەر ئەوەی ماجدی کورد کە ماوەیەك وەك سوارەیەك لە ریزی سوپای میری عەرەب (سیف الدولة صدقة) دەجەنگا، پاساوی ئەوە بێت کە بە باوا شاسوار ناودار ببێت کە چەمکێکی لەشکری و سەربازی لەخۆ دەگرێت و ئەوەی راستی بێت کوردێکی زۆر هاو شانی صەدەقە لە دژی سوڵتانی سەلچوقی دەجەنگان و ئازایەتییان نواند و لە بەرانبەردا، صــەدەقە ســۆز و گفتی پێ دان ئەم هەڵوێســتەیان لەبەرچاو دەگرێت چەند بکرێت پاداشــتیان دەداتەوە[٤١] دیارە یەکێک لەوانەش ماجدی کورد بووە کە لەو شــەڕانەدا بە ســەختی بریندا بووە و چەند زامێک بە جەستەویەوە بووە.

لەژێر رۆشــنایی ئەم راســتییانە و ئەم لێکچوونەی باس کرا، لە ئەنجامدا دەڵێم من وای بۆ دەچم کە باوا شــاســوار هەمان ئەو صــۆفییە کوردەیە کە لە ســەرچاوەکانی تایبەت بە ژیاننامە و مەناقبی صــۆفییەکان، بە (ماجد الكردي) دەناسرا و یەکێك بوو لە ئەندامە هەرە ناسراوەکانی ئەو کۆمەڵە صۆفییەی لە سەدەکانی (٥- ٦ك/١١- ١٢ز) لە کوردستان دەرکەوتن و کەوتنە چالاکیی بانخوازی و خەڵکی ســادە و ســاکاری لادێکان دڵبەندیان بوون و بە بابا و پیر و شــێخ و وەلی و صــۆفی ناویان دەبردن و پاش مردنیان، گۆڕەکانیان دەکردن بە گڵکۆ و مەزار و بۆ بەدیهاتنی راز و خەون و ئومێدەکانیان بەردەوام سەردانیان دەکردن.

## پاشکۆ

بەسەرهاتی ماجدی کورد لە شەڕی نێوان میری عەرەب (سیف الدولة) و سوڵتانی سەلچوقی

قالوا: أول حال هذا الشيخ ماجد أنه كان من أكابر أصحاب السلطان سيف الدولة ملك بغداد في ذلك الزمان، وكان ممن يُحب السيد تاج العارفين، ويتردد إليه كثيراً، ويسمع في مجلسه، ويسأله مراراً ان يدخل في طريقه، وينعم عليه بزيقه، فامتنع الشيخ من ذلك وقال: يا ماجد لم يأت وقتك بعدُ. فلما جدَّ ألحَّ على السيد في ذلك، والشيخ مستمرٌ على منعه، ويقول: ماجاء وقتك بعد. قال ماجد: يا سيدي! فمتى يأتي وقتي؟ قال له السيد: إذا قُتل سيف الدولة! وانزعج لذلك (انزعاجاً) عظيماً وقال: يا سيدي، ومن يقدر على قتل سيف الدولة؟ قال: يا ماجد ربما يقتله السلطان مسعود[٤٢] إن أذن له، وربما يحضر بعسكره ويبدد عسكركم، ويقطع الله على يده آثاركم.

فقام ماجد من المجلس وهو لايَعي من عِظَم ما شقَّ عليه ذلك، وربما استبعد ذلك بخاطره لوثوقه بشدة بأس سيف الدولة، وقوة عسكره وكثرتهم، وتوجّه وهو لا يدري الطول من العرض، ولا السماء من الأرض، فلم تمض مدة قليلة إلا

(٤٠) بهجة الأسرار، ص٣١٦.

(٤١) الكامل في التاريخ، ٥١٣/٨.

(٤٢) تذكرة المقتفين، ص٣٧٧. راستەکەی سوڵتان محەمەدی کوڕی مەلیکشاهی سەلچوقییە (٤٩٨- ٥١١ک /١١٠٤- ١١١٧ز) نەک سوڵتان مەسعودی کوری محەمەد(٥٢٦- ٥٤٧ک /١١٣٢- ١١٥٢ز).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وقد دَهَم السلطان مسعود البلاد بعساكره، فتهيأ له سيف الدولة وعارضه، فلما التقى العسكران، ضعف السلطان مسعود وعسكره في أعين الناس(؟) السلطان سيف الدولة وعسكره وحملوا عليهم يداً واحدة مستضعفين لهم، فما كان بأسرع من كرِّ سيف الدولة، وقتله وقتل جماعة مُستكثرة من جنده وعساكره، وهرب الباقون.

وأصاب ماجداً جراحات كثيرة شديدة، وطلبه القوم حاثين على قتله، فألقى نفسه في ماءٍ واختفى فيه، واذا بشيءٍ يخوض الماء إلى جهته خوضـاً، وكلما به يتقارب إليه قال ماجد: فطار عقلي خوفاً، وما شـككتُ أن القوم أحسُّوا بي وقصدوني، ولم أجد لي سـبيلاً إلى الهرب ولا مُتجَهاً، فلما اتَّصـل الحِس اليّ وأيقنت أني أدركِت حقيقة، واني سـأقتل نظرت، وإذا بثورٍ أبيض وعليه رجلٌ راكب، فلما وصـل اليّ، نزل بين يديَّ وأنا في أشـد شـدة من ألم الجراحة وشـدة الخوف، وقال: أتطيق النهوض يا ماجد؟ قلت: لا والله فاخذني بيدي واركبني على ذلك، واطلَعني من الماء، وسـار بي إلى بلد من تلك البلاد، وكان غالبُ أهلها يعلنون بالرفض، فلما رأوني سألوني عن اسمي، فأخبرتهم أن إسمي علي، خشية من شرِّهم، وتقرباً عليهم. ثم أوتي إلى عجوز منهم فألهمها الله تعالى أن داوَت جراحي، و شدَّته وعطبته. ولم ازل عندها أياماً، فلما كان في أثناء هذه المدة، كبَس السلطان مسعود الرافضة الذين أنا في فِرقتهم، فهرب أهل القرية عن آخرهم، ونُهب ما فيها، وضُربت طوابل السـلطان مسـعود على باب دار العجوز التي أنا عندها، وكان لها ألف رأس غنم، فأدخلت أغنامها عندي إلى دارها، وهي خائفة عليّ وعلى أغنامها أعظم خوف.

قال: فدخل عليّ وعلى الغنم (التي في) الدار كثير من عسـاكره، فأعمى الله تعالى أبصـارهم، ولم يروا الأغنام، ولا رآني منهم أحد، وسـمعتهم يقولون: لم يَبقَ (من) أهل الدار بها أحداً ولا دابة ولا شـيئاً إليه. فلما دخل العسـكر، وعاد أهل القرية إلى أوطانهم، فقَد الجميع ما كان لهم من دواب وأموال وحِلية وغير ذلك عن آخره، خلا أغنام تلك العجوز، فإنهم لم يفقدوا لها شـيئاً أبداً، فاعتقد أهل القرية تلك العجوز، وعظّموها وجعلوا يسـالونها عن ذلك، فقالت: والله إني لا أرى ذلك إلا من بَرَكة هذا الرجل وبَرَكة إحساني اليه، فإنه فقير كسير، فندم القوم على تقصيرهم في الإحسان اليّ، وما زلث عندها حتى برئت جراحاتي، وتوجهت إلى خدمة السيد تاج العارفين- قدس الله روحه- فلما نظر إليّ قال: الآن آن أوان توبتك، تقدَّم إلى الحضرة، هَلُمَّ إلى التوبة، إدنِ من سبيل الجنة[٤٣].

**سەرچاوەکان:**


- أبو طالب خان، ميرزا أبو طالب أصفهاني(ت: ١٨٠٦م).
- رحلة أبي طالب خان، الترجمة العربية، دار الوراق(لندن:٢٠٠٧).
- ابن الأثير، عزالدين علي بن محمد الجزري (ت: ٦٣٠هـ /١٢٣٢م).
- الكامل في التاريخ، دار المعرفة (بيروت: ٢٠٠٧).
- التادفي، جلال الدين محمد بن يحيى بن يوسف الحنبلي(ت:٩٦٣هـ/ ١٥٥٦م).


(٤٣) تذكرة المقتفين، ص٣٤٦- ٣٤٨.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

- قلائد الجواهر في مناقب الشيخ عبدالقادر، دار أحياء التراث (بغداد: ١٩٨٤).
- توما المرجي (توماس مرگه) (القرن٣هـ/٩م).
- كتاب الرؤساء، ترجمة الأب البير أبونا، ط٢، مطبعة ديانا (بغداد: ١٩٩٠).
- جان فييه الدومنيكي، آشور المسيحية، ت: نافع كوسا، شركة الأطلس (بغداد: ٢٠١٣).
- جمال بابان، أصول اسماء المدن العراقية، المجمع العلمي الكردي (بغداد: ١٩٧٦).
- جيمس فريزر، رحلة فريزر الى بغداد في عام ١٨٣٤م، ترجمة جعفر الخياط، دار الرافدين (بغداد: ٢٠١٤).
- قزوينى، حمدالله بن أبي بكر مستوفى(ت:٧٥٠هـ/١٣٤٩م).
- نزهة القلوب، إنتشارات حديث أمروز (قزوين: ١٣٨١ش).
- ريچ، ك. ج. رحلة ريچ عام ١٨٢٠، ترجمة: بهاءالين نوري(بيروت: ٢٠٠٨).
- الشطنوفي، نور الدين علي بن يوسف اللخمي (ت: ٧١٣هـ/١٣١٣م).
- بهجة الأسرار ومعدن الأنوار، دار الكتب العلمية (بيروت: ٢٠٢٠).
- عباس العزاوي، تأريخ العراق بين إحتلالين، دار العربية للموسوعات (بيروت: ٢٠٠٤).
- الكركوكلي، الشيخ رسول حاوي بن ملا يعقوب(ت: ١٢٤٢هـ /١٨٢٦م).
- دوحة الوزراء، ت: موسى كاظم نورس، دار الكاتب العربي (بيروت: ١٩٦٣).
- ابن المستوفي، شرف الدين المبارك بن احمد (ت: ٦٣٧هـ/١٢٣٩م).
- تاريخ أربل، دار الرشيد للنشر(بغداد: ١٩٨٠).
- مطراقي زاده، نصوح أفندي السلاحي (ت:٩٧٢هـ/١٥٦٤م).
- رحله مطراقي زاده (سنة ١٥٣٤م)، ترجمه من التركية صبحي ناظم توفيق، المجمع الثقافي (أبوظبي: ٢٠٠٣).
- مؤلف ناشناخته، منزل نامه سلطان مراد چهارم، ترجمه د. نصرالله صالحى، إنتشارات طهورى (تهران: ١٣٩٠ش).
- الواسطي، شهاب الدين أحمد بن عبد المنعم (ت: بعد٧٧٧هـ /١٣٧٥م).
- تذكرة المقتفين فى مناقب تاج العارفين، الأكاديمية الكردية (أربيل: ٢٠١٦).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034